سەرۆکی کوردستان:

داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم گرنگی زیاتر بە وەرزش و وەرزشوانان بدات و هەموو پێداویستیەک هەم بۆ کوڕ و هەم بۆ کچان فەراهەم بکات چونکە پێویستە کچانیشمان گرنگی زۆر بە وەرزش بدەن و وەرزش بکەن

• پێمخۆشە پێتان رابگەیەنم کە خۆشم زۆر زۆر حەزم لە وەرزشە، ناتوانم ئیدیعا بکەم بڵێم من وەرزشوان بووم بەڵام ژیانی پێشمەرگایەتی هەموو رۆژێک وەکو وەرزش بوو

• وەرزش دەرگایەکە لەبەردەم تاکە نەفەر و لەبەردەم گەلاندا بۆ دروستکردنی دۆستایەتی و یەکترناسین و دەرخستنی تواناکان

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی هەموو بەرێزان دەکەم بەتایبەتی میوانە بەرێزەکان کە لە وڵاتانی دەرەوە بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفرانسەدا هاتوون و هیوادارم کاتێکی خۆش لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ببەنە سەر زۆر خۆشحاڵم کە لەو کۆنفرانسەدا بەشداریتان دەکەم و دەستخۆشی لەوەزارەتی وەرزش و لاوان دەکەم بۆ سازدانی ئەم کۆنفرانسە کە یەکەمین کۆنفرانسە لەهەولێری پایتەخت دوای کۆنفرانسی شاری کاردیڤی هەرێمی وێڵز بەریتانیا کە لەساڵی 2008دا بەسترا.

وەرزش دەرگایەکە لەبەردەم تاکە نەفەر و لەبەردەم گەلانیشدا بۆ دروستکردنی دۆستایەتی و یەکترناسین و دەرخستنی تواناکان.

هەروەها دەرفەت بۆ هەموو کەسێک بۆ پێشبرکێ و پێدانی تەندروستی باش بۆ هەموو مرۆڤێک و بنیاتنانی دۆستایەتی لەنێوانیان کە ئەوانە هەموویان بۆ مرۆڤ پێویستن.

بێگومان ئەو بەڕێزانەی کەهاتوون خاوەن ئەزموونن و ئومێدەوارین لەهەرێمی کوردستاندا سوودێکی باش لە ئەزموونەکەیان وەربگیرێ و بەچاوی خۆیان بارودۆخی وەرزش لەهەرێمی کوردستاندا ببینن.

پێمخۆشە پێتان ڕابگەیەنم کە خۆشم زۆر زۆر حەزم لە وەرزشە، ناتوانم ئیدیعا بکەم بڵێم من وەرزشوان بووم بەڵام ژیانی پێشمەرگایەتی هەموو رۆژێک وەکو وەرزش بوو. کاتێ قوتابی بووین و ودواتریش من وەرزشی فوتبۆڵم کردووە و زۆریش حەزم لێکردووە و تا چەند ساڵێکیش بەر لە ئێستا هەر فوتبۆڵم دەکرد بەڵام ئێستا گرفت لەوەدایە ئەوانەی لەتەمەنی منداڵ فوتبۆڵ ناکەن و ئەوانەی گەنجیشن من لەگەڵیان دەرناچم. بۆ ئاگاداریتان دەتوانم پێتان بڵێم من لە نزیکی زاخۆ تا پێنجوین بە پیادە ڕۆیشتووم و دێ بە دێی کوردستانم دیوە و هەموو ئەو شاخانەشم دیوە. ئێستاش هەموو بەیانیەک بە لانی کەم یەک کاتژمێر وەرزشی خۆم هەردەکەم. و داوا لە حکوومەتی هەرێم دەکەم گرنگی زیاتر بە وەرزش و وەرزشوانان بدات و هەموو پێداویستیەک هەم بۆ کوڕ و هەم بۆ کچان فەراهەم بکات چونکە پێویستە کچانیشمان گرنگی زۆر بە وەرزش بدەن و وەرزش بکەن، وەرزش هەم بۆ پیاو و هەم بۆ ژنیش پێویستە. من جارێکی دیکە بەخێرهاتنی گەرمی هەموو لایەکتان دەکەم و داوای سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکەتان دەکەم. هەروەها سوود لەو دەرفەتە وەردەگرم بۆ ئەوەی بەگەلی کوردستان ڕابگەیەنم کە لەو چەند رۆژەی نزیکدا پەنا بەخوا رۆژی هەڵبژاردن رادەگەیەنم بەڵام دەچم لە پەرلەمان ڕایدەگەیەنم و قسەی سیاسیش بۆ ئەو ڕۆژە هەڵدەگرم، لەبەر ئەوە جارێکی دیکە بەخێر بێن و زۆر سوپاس.

لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی وەرزش و لاوانی کوردستاندا...

ستایشی ئەزموونی سەرکەوتوو و لێبوورەیی لە کوردستاندا کرا

گرنگیدان بەوەرزشی ئافرەت، پاڵپشتیکردنی ڕۆڵی وەرزش لە کوردستاندا

بە ئامادەبوونی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان دوێنێ لە تەلاری شەهید مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی وەرزشی و لاوانی کوردستان بەڕێوەچوو.

لەو کۆنفرانسەدا کە چەندین بەپرسی وەرزشی لە بەریتانیاو وێڵز و ئێران ئامادەی بوون جەختکرایەوە سەر پاڵپشتیکردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و پێویستی سەرخستنی پرۆسە سیاسییەکەی.

تەواوکەری کۆنفرانسی وێڵز

تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان لەپەیڤێکدا لەڕێورەسمی کۆنفرانسەکە کە دوای بەخێرهێنانی میوانانی بەشداربوو ئاماژەی بەوەدا ئەو کۆنفرانسەی هەولێر تەواوکەری کۆنفرانسی شاری کاردیڤی هەرێمی وێڵزە.

بەرواری سوپاسی پشتیوانیی سەرۆک بارزانیی بۆ ئەو کۆنفرانسەکرد ونیشانیدا پشتوانی بەڕێزیان مایەی سەرکەوتنی بزاڤی وەرزشە لە کوردستاندا وا دەکات وەرزش بێتە مایەی یەکترناسینی خەڵک و گەلان و شارەزابوون لەو ڕەوشەی کە لە کوردستاندا هەیە وەزیری وەرزش و لاوان سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بەنامەو پەیامی پیرۆزبایی بەشدارییان لە کۆنفرانسەکەدا کرد لەوانەش ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان کە هەمیشە پاڵپشتی و پشتگیریی لە هەموو کارێکی جوان و پێشکەوتوو دەکات بۆ پەسەندکردنی نەخشە ڕێگای وەرزشی و لاوان نیشاندا کە تیایدا جەخت لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ بۆ ئایندەی وەرزش و لاوان کراوە.

دووپاتیشکردەوە وەزارەت جەخت لەسەر بەشداربوونی وەرزشکارانی کورد لە پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانیش دەکاتەوە.

گرنگیی ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی

هیو جۆن بەرپرسی کاروباری وەرزش لە هەرێمی وێڵز لەپەیڤێکدا سوپاسی سەرۆک بارزانی کرد بۆ چاودێریی کۆنفرانسەکەو ئامادەبوون تیایدا و دووپاتیکردەوە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی لەو کۆنفرانسەدا گرنگی تایبەت بەکۆنفرانسەکە دەدات، هەروەها سوپاسی وەزیری وەرزش و لاوانی کرد کە توانی پردێکی پەیوەندی لەنێوان هەردوولا دابمەزرێنێ ئەوەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ڕۆڵی وەرزشی پاشان سوپاسی خەڵکی کوردستانی کرد بۆ میوانداری و لوتف و پێشوازییان و دووپاتیکردەوە لێبووردەیی ئایینی لە کوردستاندا بنەمای سیاسەت و هەموو بابەتێکی پەیوەست بەو هەرێمەیە، هەروەها دووپاتکردنەوەی بۆ ئەزموونی کوردستان نیشاندا جۆن ئاماژەی بەپەیڤێکی وەرزشوانی ڕەشپێست جەیسی ئۆینزکرد کە میدالیای زێڕی بەدەستهێناوەو دەڵێ: ئەو گەنجانەی وەرزشی دەکەن.

چەندین ساڵ لە ژیانی خۆیان بۆ وەرزش تەرخان دەکەن و گرنگ نییە چی بەدەست دێنن بەڵام گرنگ ئەوەیە پێشبرکێ بکەن، ئەوەش واتای راستەقینەی وەرزشە..

گرنگیدان بە ئافرەت

پاشان خاتوو فائیزە هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی فیدراسیۆنی وەرزشیی ئافرەتانی موسڵمان لەپەیڤێکدا نیشانیدا ئامادەبوونیان لەو کۆنفرانسەی هەرێم لەو هاوبەشییە ئایینی و فەرهەنگییەی نێوان کوردستان و ئێران هەڵدەقوڵێ ئاماژەی بەوەشدا ئەو بەشداریکردنە هاوبەشی نێوان هەردوولاو پەیوەندییەکانیان پتەوتر دەکات هیواشی خواست کۆنفرانس بەبەرنامەی راست و دروست بۆ خزمەتکردنی وەرزشوانان دەربچێ بەتایبەتی ئافرەتان.

خاتوو ڕەفسەنجانی نیشانیدا ڕۆڵی ئافرەت لەوەرزشدا زۆر گرنگە و پێویستە لەو بوارەدا گرنگی بە ئافرەت بدرێ خودای گەورەش ئافرەت و پیاوی وەکو تەواوکەری یەکترخوڵقاند بۆیە ڕۆڵی ئافرەت لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا مایەی هاوسەنگی و تەواویی ئەو کارو پرۆژانەی ژیانە.

خاتوو ڕەفسەنجانی نیشانیدا وجودی ئافرەت لەوەرزشدا مایەی سەرکەوتنی پرۆسەکەیە بۆیە هیوای خواست ئەو کۆنفرانسە لەو رووەوە درێخی لە گرنگیدان بەڕۆڵی ئافرەت نەکات.

خاتوو فائیزە نیشانیدا وەرزش بۆ هەمووانەو ناکرێ ڕۆڵی ئافرەت لە مێژووداو ئەوستەمانەی بینیویانە لەیادبکرێ هەروەها بەناوی سەرۆکی فیدراسیۆنی وەرزشی ئافرەت لە ئێران ئامادەیی خۆی بۆیە یارمەتیدانی ئافرەتانی کوردستان لە مەبەستە جیاجیاکاندا نیشاندا

سەرکەوتنی ئەزموونی کوردستان د. خالید ساڵح ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی کوردستان لەپەیڤێکدا نیشانیدا لەگەڵ نازادبوونی ئێراق و کوردستان دوای ساڵانێکی زۆر لە قوربانیدان ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە سوود لە ئەزموونی کوردستان لە بواری جیاجیادا وەربگیرێ ئەرکی پارت و لایەنی سیاسیشە هەوڵی جیددی بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانە بکەن و ڕێگایەکی ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بگرنەبەر. د. خالید تیشکی خستەسەر مێژووی ئەزموونی سیاسیی کوردستان کە لەدوای ساڵی **1992** وە دەستی پێکرد و ئەمڕۆش سەقامگیرترین ناوچەی ئێراقە.

هەروەها باسی فیدراڵیزم و سەرکەوتنی پرۆسەی فیدراڵیزم و گرنگیپێدانی لەسەر ئاستی هەموو ئێراقدا.

پایتەخت

لایەنێک لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی وەرزش و لاوان

2009.4.27

بەدووستون

سووریا و تورکیا مانۆڕێکی سەربازی هاوبەش ئەنجامدەدەن و ئیسرائیلیش لێی نیگەرانە

حکوومەتی ئیسرائیل نیگەرانیی خۆی لەمەڕ مانۆڕێکی سەربازی هاوبەشی نێوان سووریاو تورکیا دەربڕی و بەسەرچاوەیەکی بێتزارکەری بۆ تەلئەبیب وەسفکرد. دوای ئەوەی فەرماندەیی سوپای

تورکیا لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند، هێزە وشکانیەکانی سووریاو تورکیا بەهاوبەشی مانۆڕێکی سەربازی لەسنووری نێوان هەردوو وڵات بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئەنجام دەدەن. ئەیهود باراک وەزیری بەرگری ئیسرائیل رایگەیاند، ئەو مانۆڕە سەرچاوەی بێتزارییە بۆ ئیسرائیل سەرچاوە ئەمنیەکانی تەلئەبیبیش نیگەرانی خۆیان بڵاوکردەوە لەمەڕ ئەو مانۆڕە، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە یەکێک لەو دوو دەوڵەتە دوژمنیەتی و ئەوەی دیکەش دۆستیەتی.

نیویۆرک.. هەشت قوتابی تووشی ئەخۆشی ئەنفلۆنزای بەرازبوون

بەرپرسانی تەندروستی نیویۆرک رایانگەیاند، هەشت قوتابی لەقوتابخانەیەکی ئەم شارە تووشی نەخۆشی ئەنفلۆنزای بەراز بوون. بەپێی راپۆرتەکان نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە وەکو ئەو نەخۆشییەیە

کە لە وڵاتی مەکسیک بڵاوبووەوەو بووە هۆی گیان لەدەستدانی دەیان کەس. بەشی تەندروستی نیویۆرک ئەوەشی رایگەیاند، کە قوتابخانەیەکی ئەو شارە بەهۆی ئەم نەخۆشییە داخراوە.

ئەفغانستان.. شەش پۆلیس گیانیان لەدەستدا

سەرچاوەیەک لەپۆلیسی ئەفغانستان رایگەیاند، لەرۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەفغانستان لەئاکامی دوو کردەوەی تیرۆریستی شەش پۆلیس گیانیان لەدەستدا. بەپێی هەواڵی فرانس 24 سەرچاوەکە روونیکردەوە لەویلایەتی خوست (رۆژهەڵات ئەفغانستان) مینێکی چێندراو بەدەوریەکی پۆلیسدا تەقیەوە، لەئەنجامدا 3 پۆلیس گیانیان لەدەستداو 3 پۆلیسیش بریندار بوون. لەلایەکی دیکەوە هەر لەویلایەتی وەرداک (ناوەڕاستی ئەفغانستان) مینێک تەقیەوە، لەئەنجامدا 3 پۆلیس گیانیان لەدەستدا.

کەشتیەکی پڕ لەنەوتی یەمەنی لەدەست چەتە دەریاییەکان ئازاد کرا

وەزارەتی بەرگری یەمەن رایگەیاند، دوای ئەوە چەتە دەریاییەکانی سۆماڵ کەشتیەکی پڕ لەنەوتی ئەو وڵاتەیان ڕفاندووە، سوپای یەمەن توانیویەتی ئەو کەشتیە

رزگاربکات. لەمبارەیەوە وتەبێژی وەزارەتی بەرگری یەمەن بەسایتی فەرمی 26 سێپتەمبەر نێتی راگەیاند، هێزە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە سەرکەوتووبوون لەئازادکردنی کەشتیەکی پڕ لەنەوتی یەمەنیدا.

وتەبێژەکەی وەزارەتی بەرگری ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لەو کردەیەدا 11 چەتە دەسگیرکراون. دواتریش کەشتیە ئازادکراوەکە ڕەوانەی کەنداوی عەدەن کراوە لەباشووری یەمەن.

کۆریا بە سەرۆکی ئیکوادۆر هەڵبێژیردرایەوە

رافائیل کوریا سەرۆکی ئیکوادۆر سەرکەوتنی خۆی بۆ وەرگرتنەوەی دووەم ماوەی سەرۆکایەتی لەو هەڵبژاردنە راگەیاند، کە بەڕێوەچوو. پەیمانگەی سیداتۆس گالۆب ئاشکرای کرد کە لەسەدا پەنجاو شەش لەدەنگدەران دەنگیان لەبەرژەوەندی کوریا داوە بەمەش دووبارە سەرۆکایەتی وڵات لەئەستۆ دەگرێتەوە.

لۆسیۆ گۆتەریز کێبڕکێی کوریای دەرکرد لەهەڵبژاردنەکاندا، بەڵام تەنها لەسەدا بیست و نۆی دەنگەکان بەدەست هێنا. بەپێی ڕاوبۆچوونی چاودێرانی نێودەوڵەتی کە ئەرکی چاودێری هەڵبژاردنەکانیان لەئەستۆ گرتبوو هیچ پێشێلکارییەکی ئەوتۆ لەبەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردندا روونەدەداوە.